بەخێربێن بۆ دەیەمین هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

# دەربارەی یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە (C4JR) بە بەردەوامی هەواڵنامە لەبارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بڵاو دەکاتەوە، بە ئامانجی بڵاوکردنەوەی زانیاریی دروست و نوێکراوە لەسەر یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی، لەگەڵ بۆچوون و ئەزموونەکانی هەموو ئەو لایەنانەی کە بەشدارن لە جێبەجێکردنی ئەم دادپەروەرییەدا، بەئامانجی خستنەبەرباسی ئەو دڕندەییانەی داعش لە عێراق ئەنجامی داون.

## دوایین هەواڵ و نوێکارییەکان دەربارەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

### ئاماری داواکاریەکان

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری ڕزگاربووان و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایانگەیاند کە لەچوارچێوی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا، لەمانگی نیساندا قەرەبوو بۆ ٢،٢١٦ ڕزگاربووی دەستی داعش خەرج کراوە. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی لاپەڕەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە بکە لە فەیسبوک: https://tinyurl.com/ywvh2zvp

### جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی

نوێکارییە گرنگەکان:

- **تاپۆ کردنی زەوی نیشتەجێبوون لەسەر ڕزگاربووان**

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕایگەیاند کە بە سەرکەوتوویی ڕێکارەکانی دەرکردنی تاپۆی زەوی نیشتەجێبوونی بۆ ڕزگاربووانی ئێزدی و تورکمانی تەواو کردووە. کۆی گشتی ٢٦٢ پارچە زەوی بەسەر ڕزگاربووان لە شنگال و تەلەعفەردا دابەشکراوە. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی درێژخایەنی ڕزگاربووان لە ڕێگەی خاوەندارێتی پارچە زەوییەوە، وەک ئەوەی لە ماددەی ٦،٢ی یاسای ڕزگاربوانی ئێزدیدا باسکراوە. لێرەدا زیاتر لە بارەی ئەم پرۆسەیە بخوێنەوە: https://tinyurl.com/mwfshhvh.

- **میکانیزمی شایەتیدان لە دوورەوە دەستگەیشتن بە داواکارانی یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی لە دەرەوە فراوانتر دەکات**

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٢٤وە دەستیان پێ کرد، بەڕێوەبەرایەتیەکە - کە بە هەماهەنگی لەگەڵ دادگای لێکۆڵینەوەی (ئەلقوش)، وەزارەتی دەرەوەی عێراق، و باڵیۆزخانە و کۆنسوڵخانەکانی عێراق لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا کاردەکات، توانیویەتی ئەوە فەراهەم بکات کە داواکارییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، ئەوانەی لە



بەڕێوەبەرایەتییەکە، بە هاوکاری لەگەڵ دادگای تێهەڵچوونی نەینەوا—دادگای لێکۆڵینەوەی ئەلقۆش و وەزارەتی دەرەوە، دەست دەکات بە وەرگرتنی شایەتیدانی دوور لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفرانسەوە بۆ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. سەرچاوەی وێنە: بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری ڕزگاربووان.

دەرەوەی وڵات دەژین، شایەتییەکانیان ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفراسەوە پێشکەش بکەن. چاوپێکەوتنەکان لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤وە دەستیان پێکرد و لە نوێنەرایەتی دیبلۆماسیی عێراق لە بەرلین، فڕانکفۆرت و پاریس ئەنجام درا، هەموو ڕۆژانی پێنجشەممەیەک، چاوپێکەوتن لەگەڵ سێ بۆ پێنج ڕزگاربوو دەکرا.

لە مانگی ئایاردا، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکە، خاتوو سەراب ئەلیاس، ڕایگەیاند، لە کۆی ١٥٠ کەس کە لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکرابوون بۆ سوود وەرگرتن لە شایەتیدان لە دوورەوە، ١٢٠ کەسیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە و ٣٠ کەسیان ماون.

ئەم دەستپێشخەریە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو ئاسانکردنی پرۆسەی داواکاری یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی بۆ ڕزگاربووانی دەرەوەی عێراق. بەڵام هێشتا یەکلا نەکراوەتەوە ئایا داواکارانی دەرەوەی وڵات داوای ڕێگەپێدانی ئەمنی و مەرجی بەڵگەیی دیکەیان لێ دەکرێت، وەک بەدەستهێنانی ئیفادەی سێ شایەتحاڵ کە خۆیان سوودمەندی یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی بن. ئەم پێوەرە سەختانە ئاستەنگیان بۆ داواکاران دروستکردووە و بە درێژی لە هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لە بارەی یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی ژمارە #٦ دا باسکراون. لێرەدا زیاتر لەم بارەیەوە بخوێنەوە: https://tinyurl.com/mwfshhvh

- **ئێستا کارتی پزیشکی بۆ ڕزگاربووان دەردەچێت**

لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٢٥، بەڕێوەبەرایەتییەکە، بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی نەینەوا، دەستی کرد بە دەرکردنی کارتی پزیشکی بۆ ڕزگاربووانی سوودمەند لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی.

ئەم کارتانەی تەندروستی مافی دەستگەیشتنی بێبەرامبەر بە خزمەتگوزاریە پزیشکییەکان لە هەموو ناوەندەکانی سەر بە وەزارەتی تەندروستی عێراق بۆ ڕزگاربووان دەستەبەر دەکەن. هەروەها ئەم کارتانە کارا دەبن لەو ناوەندانەی تەندروستی کە لە داهاتوودا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەوە دادەمەزرێن، کە ئەمەش پشتگیرییەکی گرنگ بۆ چاکبوونەوەی جەستەیی و دەروونی ڕزگاربووان دابین دەکەن، وەک لە یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا پێشبینی کراوە. لەم بەستەرەوە زیاتر بخوێنەوە لە پۆستی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە فەیسبووک: https://tinyurl.com/mwfshhvh.

## هەواڵی پەیوەندیدار

- لە نێوان ٥ و ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٥دا، لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق ١٣ گۆڕی بەکۆمەڵ و شوێنی کوشتنیان لە شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری هەڵدایەوە، لەوانەش شاری شنگال، تەل عازەر، و زومانی. ئەم کارانە لەلایەن دامەزراوە سەرەکییە نیشتیمانییەکانەوە بەڕێوە چوون - بەڕێوەبەرایەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بزربووان، بەڕێوەبەرایەتی پزیشکی دادوەری، و کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە - بە پشتگیری کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ ونبوان. ئەم هەوڵە نوێیە کۆی ژمارەی شوێنە هەڵدراوەکان لە شنگال و بەعاج دەگەیەنێتە ٧٤ لە ئازاری ٢٠١٩ەوە، کە ئەمەش هەنگاوێکی بەردەوامە بەرەو ڕاستی و دانان و دادپەروەری بۆ قوربانیانی دڕندەییەکانی داعش. زیاتر بخوێنەوە لە ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانیی هاوپەیمانی بۆ قەرەبوکردنەوەی دادپەروەرانە: https://tinyurl.com/bddufr5v.

- لە ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٥دا، ڕوفاتی ٣٢ قوربانی جینۆسایدی ئێزدی گەڕێندرانەوە بۆ کەسوکاریان و لە ڕێوڕەسمێکی ناشتنی پڕشکۆ لە کۆچۆ بە خاک سپێردران. ئەمە حەوتەمین کاروانی گەڕاندنەوەیە. لەو کاتەوەی پرۆسەکانی هەڵدانەوەی گۆڕەکان دەستیان پێکردووە، زیاتر لە ٧٥٠ ڕوفاتی قوربانیان دۆزراونەتەوە، لەگەڵ دیاریکردنی ناسنامەی ٢٤٢ قوربانی کە ناسێندراون و گەڕێندراونەتەوە بۆ کەسوکاریان بۆ ناشتنی شیاو. ئەم ڕێوڕەسمە هەنگاوێکی گرینگە لە گەشتی درێژی چاکبوونەوە و دانان بە تاوانی دژی کۆمەڵگای ئێزدییەکان. لێدوانی ڕێکخراوی جیهانی فەریدە، ئەندامی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لێرە بخوێنەوە: https://tinyurl.com/4jezadcr



ڕێوڕەسمی ناشتنی ڕوفاتی ٣٢ قوربانی جینۆسایدی ئێزدی لە مانگی شوباتدا بەڕێوەچوو، دوابەدوای مەراسیمی ماتەمینی لە گوندی کۆچۆ. سەرچاوەی وێنە: ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە.

- سێیەمین ڕاپۆرتی چاودێری یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی ڕاپۆرتی ساڵانەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە «زیاتر لە ‹مەرەکەبێک لەسەر کاخەز»: ، لە مانگی شوباتدا بڵاوکرایەوە. ئەم ڕاپۆرتە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی پێشکەش دەکات، هەم پێشکەوتنە بەدەستهێاتووەکان و هەم ئاستەنگە ماوەکان تۆمار دەکات. ڕاپۆرتەکە بە تەواوی لێرە بخوێنەوە: https://tinyurl.com/bddurr5v.



• لە مانگی نیساندا، کۆمپانیای تابوو ڕێبەری خۆی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بڵاوکردەوە کە یارمەتی تاکەکان دەدات بۆ داواکردنی قەرەبوو بە پێی یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی، کە بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوەی ئێزدیانی ئازاد و ڕێکخراوی جیهانیی فەریدە پەرەی پێ دراوە. ئەم ڕێبەرە ڕێنیشاندەری کردارەکی بۆ داواکارییەکانی یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی دابین دەکات، لەوانە شێوازی ڕزگاربووسەنتەری و هۆشیار بە زەبرە دەروونییەکان لە پەیوەندی لەگەڵ ڕزگاربوواندا، چۆنیەتی پڕکردنەوەی فۆرمی داواکاری یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی، ئامادەکردنی پێداویستییە بەڵگەییەکان و تێڕوانینێکی گشتی لەسەر پرۆسەی پێداچوونەوە. لێرەوە ڕێبەرەکە بخوێنەوە : https://tinyurl.com/y52xwx3a.

• لە مانگی نیساندا، دەستپێشخەریی نادیا ڕزگاربووانی لە ناوەندی ژنانیاندا کۆکردەوە بۆ بەشداریکردن لە دانیشتنێکی زانیاری لەگەڵ نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکە سەبارەت بە یاسای ڕزگاربوانی ئێزدی، لەگەڵ سەرنج خستنە سەر قازانجەکانی وەک دابەشکردنی زەوی، پەروەردە، قەرەبوو، پێداویستییە پزیشکییەکان، و گەڕانی بەردەوام بۆ بێسەروشوێنان. بەشداربووان لەپاڵ ڕزگاربووانی نیشتەجێی شنگالدا، ڕزگاربووانی تاراوگەی لەخۆ گرتبوو، لەوانە کەنەدا و ئوسترالیا، کە بە شێوەی ڤێرچواڵ بەشدارییان کرد. لێرەدا زیاتر بخوێنەوە لەسەر لاپەڕەی فەیسبووکی دەستپێشخەریی نادیا: https://tinyurl.com/5n8cmf95.

## هەوڵەکانی لێپرسینەوە

• لە مانگی شوباتدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ سەرۆکی ناوەندی نیشتمانی بۆ هاوکاریی دادوەری نێودەوڵەتی، دادوەر عەلی حوسێن جەفەت، ڕێکخست بۆ پێکهێنانی هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عێراقی و دادگای عێراقیدا. ناوەندی نیشتمانی بۆ هاوکاریی دادوەریی نێودەوڵەتی لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٤ دامەزرا بۆ هەڵگرتن و بەکارهێنانی هەموو بەڵگەکانی تاوانەکانی داعش دوای کۆتاییهاتنی یونیتاد UNITAD. کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی بەرپرسی گرووپی کاری پەیوەست بە دادپەروەریی تاوانکاری لە هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە، حەسەن جەمال، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری یەزدا، ناتیا ناڤرۆزۆڤ، بەرپرسی بەرنامەکان، زۆی پاریس، و ویلیەم وەردە لە ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی حەمورابی ئەنجامدرا. دوای کۆبوونەوەکە، دادوەر عەلی حوسێن جەفەت لە بەیاننامەیەکی ئەنجومەنی باڵای دادوەریدا ڕوونیکردەوە کە هەمواری یاسای گشتی تاوانەکانی ئاماژەپێکراو لە یاسای ڕزگاربوانی ئێزدیدا لەخۆ ناگرێت.
زیاتر دەربارەی کۆبوونەوەکە لە سێیەمین ڕاپۆرتی ساڵانەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لێرەدا بخوێنەوە: .https://tinyurl.com/bddu۲r5v



لە مانگی شوباتدا، ئەندامانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە لەگەڵ ناوەندی نیشتمانی بۆ هاوکاریی دادوەری نێودەوڵەتی لە بەغدا کۆبوونەوە. سەرچاوەی وێنەکە: ڕێکخراوی یەزدا.

• لە ٧ی ئایاردا، ناوەندی نیشتمانی بۆ هاوکاری دادوەری نێودەوڵەتی لە ڕێگەی ڤیدیۆکۆنفرانسەوە گوێی لە شایەتی ڕزگاربوویەکی ئێزدی گرت، دوای تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان لە دادگای لێکۆڵینەوەی کەرخ. هەروەها ئەنجوومەنی باڵای دادوەری داواکارییەکی لە دادگای بنەڕەتی لە پریشتینا، کۆسۆڤۆ، وەرگرت سەبارەت بە دۆسیەی دژی ئەندامێکی داعش. لە بەیاننامەیەکدا، بەڕێوەبەرایەتییەکە هەماهەنگی خۆی لەگەڵ ناوەندی نیشتمانی بۆ هاوکاری دادوەری نێودەوڵەتی پشتڕاست کردەوە بۆ ئاسانکردنی شایەتیدانی ڕزگاربووە ئێزدییەکە. بەیاننامەکە لە پەڕەی فەیسبووکی بەڕێوەبەرایەتییەکە بخوێنەوە: .https://tinyurl.com/3yfb6uyh

## ئاستەنگەکان

لە هەر ژمارەیەکی هەواڵنامەکەماندا، تیشک دەخەینە سەر ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم ڕزگاربووان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە جێبەجێکردنی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی. ئەم ژمارەیە سەرنج دەخاتە سەر پرۆسەی تێهەڵچوونەوو - کە میکانیزمێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ دادپەروەری بەردەوام ئاستەنگی گەورە دەخاتە بەردەم زۆرێک لە داواکاران.

یەکێک لە دۆسیە بەردەوامەکان، کە پێشتر لە هەواڵنامەکانی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە و ڕاپۆرتە ساڵانەکاندا تۆمار کراوە، نەبوونی پەیوەندییەکی ڕوون و نووسراوە لەسەر ڕەتکردنەوەی داواکارییە سەرەتاییەکان و بڕیارەکانی تێهەڵچوونەوەیە. داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کە داواکارییەکانیان لەلایەن لیژنەی یاسایی ڕزگاربووانی ئێزدییەوە ڕەت دەکرێنەوە، زۆرجار باس لەوە دەکەن کە هۆکارە دیاریکراوەکانی ڕەتکردنەوەکەیان پێ ناوترێت، کە وایان لێدەکات نەتوانن کەموکوورییەکان چارەسەر بکەن یان دۆسیەکەیان بۆ تێهەڵچوونەوە بەهێزتر بکەن لە ماوەی مۆڵەتی تەسکی ٣٠ ڕۆژدا بۆ پێشکەشکردنی تێهەڵچوونی یەکەم. دەتوانیت زیاتر لەم بارەیەوە لە ژمارە ٤ی هەواڵنامەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە بخوێنیتەوە: https://tinyurl.com/vf6dmn4f

ئەگەر لیژنەی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی تێهەڵچوونی یەکەم ڕەت بکاتەوە، داواکاران دەتوانن تێهەڵچوونی کۆتایی بۆ دادگای بەرایی پێشکەش بکەن. زانیارییە بەردەستەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە تێهەڵچوون بۆ دادگای بەرایی پەیڕەوی ڕێکارە گشتییەکانی تۆمارکردنی داوای مەدەنی دەکات، کە ماوەی زەمەنی بۆ تێهەڵچوون دەکاتە ١٥ ساڵ. بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی ڕێکارە کارگێڕییەکانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دەستگەیشتێکی ، کاریگەر و خێرا بۆ دادپەروەری، پێویستە ڕێنمایی فەرمی ڕوون و بەردەست لەسەر هەموو لایەنەکانی پرۆسەی تێهەڵچوون، لەوانەش کاتە جیاوازەکانی تێهەڵچوون، بۆ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی بەردەست بکرێت.

دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ داواکارانی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە ڕاستەوخۆ گوێی لە ڕزگاربووە کارتێکراوەکانی ئەو کەلێنانە گرت. بۆ نموونە، یەکێک لە داواکاران تەنها دوو مانگ دوای دەرچوونی بڕیاری فەرمی ئاگاداری ئەوە کرا کە داواکارییەکەی لەلایەن لیژنەکەوە ڕەت کراوەتەوە، کە زۆر درەنگتر بوو لە دوامۆڵەتی پێشکەشکردنی تێهەڵچوونی یەکەم. ئەوانی تر باسیان لەوە کرد کە بە زارەکی پێیان وتراوە داواکارییەکەیان بەهۆی «کەمی بەڵگە»وە ڕەت کراوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی هەموو هەنگاوە پێویستەکانیان تەواو کردبوو، لەوانەش پێدانی داتای بایۆمەتری، کە ڕەزامەندی لە نووسینگەی ئاسایشی نیشتمانی و هەواڵگری لەخۆ دەگرێت، و شایەتی موختارەکانی ناوچەکە.

بۆ پشتگیریکردنی ڕزگاربووان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ئاستەنگانەدا، هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە یارمەتی یاسایی پێشکەش بە داواکاران دەکات لە ماوەی هەموو پرۆسەی داواکردن و تێهەڵچوونی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدیدا لە ڕێگەی پارێزەرانی شارەزاوە. ئەگەر تۆ یان کەسێک کە دەیناسیت پێویستی بە پشتگیری یاسایی هەیە، تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە لە:
**+9647508516311** legalaid@c4jr.org

## چیرۆکی سەرکەوتن

**دانپێدانان بە مافی زەوی ئێزدییەکان لە شنگال — کۆتاییهێنان بە ٥٠ ساڵ لە بێبەشکردن.**

د لە ساتێکی مێژووییدا بۆ دادپەروەری و گەڕاندنەوەی ماف، ئێزدییەکان لە شنگال سەرەنجام خاوەندارێتی یاسایی زەوی و خانووەکانیان بەدەست دەهێننەوە کە بۆ ماوەی پێنج دەیە لێی بێبەش کراون. گەشتی کۆتاییهێنان بە بێبەشکردن لە زەوییەکان لە شنگال لە ٢٧ی دیسەمبەری ٢٠٢٢دا هەنگاوێکی گەورەی نا، کاتێک سەرۆک وەزیرانی عێراق محەمەد شیاع ئەلسودانی بڕیارێکی مێژوویی دا بۆ بەخشینی خاوەندارێتی زەوی بە ئێزدییەکان لە ١١ کۆمەڵگەی نیشتەجێبوون لە سەرتاسەری شنگال، قەیروان و قەحتانیەدا. ئەم بڕیارە گرنگ بوو بۆ چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی خاوەندارێتی زەوییە مێژووییەکان کە پێشتر ڕێگر بوون لە دانپێدانانی فەرمی بە مافی موڵکدارێتی دانیشتووانی شنگال.

بە پشتبەستن بەم پێشکەوتنە، بڕیاری ژمارە ٢٢٧، کە لە ئازاری ٢٠٢٥ لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقەوە پەسەند کرا، ڕێگەی بە بەڕێوەبەرایەتی شارەوانییەکانی پارێزگای نەینەوا دا دەست بکەن بە دابەشکردنی زیاتر لە ١٢٠٠ سەنەدی خاوەندارێتی موڵک بەسەر دانیشتووانی شنگال، قەیروان، و قەحتانیەدا. خاڵێکی سەرەکی ئەم بڕیارە لێخۆشبوون بوو لە باجی ٢٠٠٠٠ دیناری عێراقی بۆ هەر مەترێکی چوارگۆشە، کە پێشتر بارێکی قورسی دارایی خستبووە سەر ئەندامانی کۆمەڵگای ئێزدی کە هەوڵی گەڕاندنەوەی زەوییەکانیان دەدا.

بەهۆی ساڵانێک لە داکۆکیکردن و هاریکاری لە نێوان هاوبەشە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا، لەوانەش بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتنگە مرۆییەکان، زیاتر لە ١٠٣٠٠٠ کەس سوودمەند بوون لە دەرکردنی ١٨٢١٨ بڕوانامەی داگیرکردنی زەوی، کە ئێستا وەک بەڵگەی دروست بۆ بەدەستهێنانی سەنەدی موڵک دانیان پێدا نراوە. دەتوانیت بەیاننامەی یونامی لەسەر ئەم پێشکەوتنە لێرە بخوێنیتەوە:https://tinyurl.com/vf6dmn4f

ئەم گەڕاندنەوەی مافە لە ئاستێکی فراواندا هەنگاوێکی گرنگە لە دانپێدانان بە مافەکانی ئێزدییەکان، گەڕاندنەوەی شکۆ، و دانانی بنەمایەک بۆ گەڕانەوە و چاکبوونەوە لە شنگال. ئەمە زیاتر لە سەرکەوتنێکی یاساییە — کۆتاییهێنانە بە نیو سەدە لە نادادپەروەری لە بواری زەوی و زاردا کە چاوەڕوانییەکەی درێژەی کێشا.

لەکاتێکدا یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دان بە مافی زەوی و نیشتەجێبوون دەنێت، ئاماژە بە پێویستییەکانی سەقامگیری و ئاسایشی درێژخایەن دەکات بۆ ڕزگاربووان، کە زۆرێکیان ماڵەکانیان لە کاتی ململانێی داعش لەدەست دا، هەتا ئێستا، ڕزگاربووان تەنها توانیویانە مافەکانی زەوی و نیشتەجێبوونیان لەژێر یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی لە ناوچەکانی بنەڕەتی خۆیان پیادە بکەن. لە باشترین حاڵەتدا، نزیکبوونەوەیەک بە بنەمای ماف بۆ چارەسەری بەردەوام بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان ڕێگە بە ڕزگاربووان دەدات کە شوێنی سوودمەندبوون لە زەوی و نیشتەجێبوون لە کوێ بێت.

چارەسەرکردنی ئاستەنگەکانی خاوەندارێتی زەوییە مێژووییەکان، یەکلاکەرەوە بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ناعەدالەتی سیستەماتیک، بەرەوپێشبردنی یەکسانی، و بەهێزکردنی کۆمەڵگایەک کە زیانی لە بێبەشکردن بینیووە. بەڵام، دادپەروەری گۆڕانکاری پێویستی بەوەیە کە ڕزگاربووان، سەرەڕای ئەوەی ئێستا لە کوێ دەژین، بتوانن بە شێوەیەکی ئامانجدار دەستیان بە مافی زەوی، نیشتەجێبوون، و قەرەبوو بگات.

## لە داهاتووی هەواڵنامەکەدا

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە خەریکی ئامادەکردنی ڕاپرسییەکی بێناوە بۆ کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوون لەسەر ئەزموونی ڕزگاربووان لەگەڵ بڕەپارەی قەرەبووکردنەوە کە بەپێی یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی دابین کراوە. ئامانجی ئەم ڕاپرسییە هەڵسەنگاندنی کاریگەری ئەم پارانەیە لەسەر ژیان و گوزەرانی گشتی ڕزگاربووان، و دیاریکردنی ئەو بوارانەیە کە دەکرێت ڕێوشوێنەکانی قەرەبووکردنەوە تێیاندا باشتر بکرێن.

باوەڕمان وایە کە تێگەیشتن لە ڕەزامەندی ڕزگاربووان لەسەر پرۆسەی قەرەبووکردنەوە گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم ڕێوشوێنانە بە ڕاستی مامەڵە لەگەڵ پێداویستییەکانیان دەکەن. نوێترین زانیاری لەسەر پێشکەوتنی ڕاپرسییەکە، هەروەها دەرەنجامەکانی، لە هەواڵنامەکانی داهاتوودا بڵاو دەکرێنەوە. چاوەڕوانی زانیاریی زیاتر بن.

## هیچ دوا وادەیەک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە!

### ئەگەر تۆ ڕزگاربوویت، لێرەدا دەتوانیت بزانیت چۆن داواکاری پێشکەش بکەیت

**ئەگەر تۆ لە یەکێک لەم گروپانەی خوارەوەدایت، یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی قەرەبووت پێشکەش دەکات:**

- ژنە دیلە ڕزگاربووەکانی ژێر دەستی داعش، کە پێگەیشتوو یان خوار تەمەنی یاسایی بن و لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی یان تورکمان بن .
- پیاوانی ئێزدی، کە ئەو کاتەی تەمەنیان خوار ١٨ ساڵ بووە لە لایەن داعشەوە ڕفێندارون.
- هەموو ئەو کەسانەی لە پێکهاتەکانی ئێزدی، شەبەک، مەسیحی، تورکمانن و لە لایەن داعشەوە ڕفێندراون و بە شێوەیەکی کەسی لە ڕووداوێکی دیاریکراوی کۆمەڵکوژیی داعش ڕزگاریان بووە.

**داواکارییەکان پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کاروباری ڕزگاربووان دەکرێت. دەتوانیت بە سێ شێوە داواکاری پێشکەش بکەیت:**

- وەرگرتنی وادەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکە لە یەکێک لە فەرمانگەکانیان لە شەنگال یان موسڵ، پاشان سەردانکردنی فەرمانگەکە لە وادەی دیاریکراودا. دەتوانن وادەی چاوپێکەوتن لەم بەستەرەدا دیاری بکەن: https://ur.gov.iq/ زانیاری لەسەر چۆنیەتی دانانی وادەی چاوپێکەوتن، تەماشای ئەم ڤیدیۆیە بکە: https://tinyurl.com/53xtt4zv
- پڕکردنەوەی فۆڕم و بردنی بۆ بەڕێوبەرایەتییەکە بە دەستی. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا پێویستە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەو بەستەرەی سەرەوە ناوت تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی کۆدی تۆمارکردنی تایبەتی خۆت بەدەست بهێنیت.
- پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوەی سەرهێڵ. دەتوانیت داواکارییەکەت، لەگەڵ هاوپێچی وێنەیەک لە ناسنامەکەت و هەر بەڵگەنامەیەکی پشتگیری کە هەتە لەو بەستەرەی سەرەوە پێشکەش بکەیت. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بە شێوازی سەرهێڵ، لەم ڤیدیۆیە بڕوانە https://tinyurl.com/3rrfdhf2

دەتوانیت بە تەنیا خۆت داواکاری پێشکەش بکەیت، پێویستت بە پارێزەر و ڕێکخراوی ناحکومی بۆ پێشکەشکردنی داواکاری نییە. ئەگەر خوازیاری هاوکاریی بوویت لە پێشکەش کردنی داواکارییەکەت، دەتوانیت پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومییەکانی ناوچەکەتەوە بکەیت. **وادەی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ یاسای ڕزگاربووانی ئێزدی کراوەیە. هەروەها هیچ پارەیەک بۆ پێشکەشکردن نادەیت**

دەتوانیت لە فەیسبووک ئاگاداربە لە ئاگادارییەکانی بەڕێوبەرایەتییەکە ببێت: https://tinyurl.com/5b567sp7

## دەربارەی هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە

هاوپەیمانی بۆ قەرەبووکردنەوەی دادپەروەرانە هاوپەیمانییەکە لەنێوان ٣٤ ڕێکخراوی ناحکومیدا بەستراوە، کە داوای قەرەبووکردنەوەی گشتگیر بۆ قوربانیانی مەدەنیی تاوانە دڕندانەکانی سەردەمی شەڕی داعش لە عێراق دەکەن. ئەم هاوپەیمانییە پشت بەیاساکانی عێراق و یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەبەستێت بۆ پشتگیریکردن لە داواکارییەکانی ڕزگاربووان، بەمەبەستی قەرەبووکردنەوەیان و هاندانی دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی خۆیان لە دابینکردنی قەرەبووەکاندا. هاوپەیمانییەکە کار دەکات بۆ ئاگادارکردنەوە و داکۆکیکردن و خستنەڕووی چارەسەری گونجاو، هەروەها بۆ بەشدارپێکردنی لایەنە پەیوەندیدارە جیاوازەکان بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی ڕزگاربووان مافی خۆیان بۆ قەرەبووکردنەوە بەدی دەهێنن، ئەمەش لەڕێگەی دابینکردنی بۆشاییەک بۆ وردبینی و هاوکاری و بیرکردنەوە.
بۆ زانیاریی زیاتر، لێرەوە سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە: www.c4jr.org .

www.c4jr.org
info@c4jr.org
/C4JRorg